# ترەمپ بەڵێن دەدات سزاکانی سەر ئێران لاببات ئەگەر پابەند بێت بە ڕێبازێکی ئاشتیانە

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایدەگەیەنێت، هەر موشەکێکی وڵاتەکەی کە ئاڕاستەی ئێران کرابێت، ئامانجەکەی پێکاوە و هیچکامیان بەفیڕۆ نەچون و دەشڵێت، "بەهیچ جۆرێك رێگە بەئێران نادەن، ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی و یۆرانیۆم بەرهەمبهێنێت".

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوز ڕایگەیاند، ڕێگە بە ئێران نادات یۆرانیۆم پیتاندنی یۆرانیۆم بکات.

ترەمپ ئاماژەی بەوەدا کە شەڕی 12 ڕۆژەی لەگەڵ ئێران چێ بوە، "ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات و نزیکە لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی".

سەبارەت بەرێکەوتن لەگەڵ ئێران، سەرۆکی ئەمریکا ئاشکرایکرد، "ئەگەر ئێران نیازپاکی نیشان بدات سەبارەت بەچەکی ئەتۆمی، ئامادەیە سزاکانی سەر ئەو وڵاتە لاببات".

باسی لەوەشکردوە، ئەوەی لە ئێران کردویەتی نایاب بو، جەختیشیکردەوە، "هەر موشەکێك کە ئاراستەی ئێران دەکرێت ئامانجێك دەپێکێت".